# به ستانداردکردنی ڕیزبوونی پیتەکانی نووسینی کوردی

**ئەم باسە لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**
**ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠١٢) دا بڵاوکراوەتەوە.**

کتێبە ڕێزمانییەکان و ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی کە لەبارەی ئەلفوبێی کوردییەوە ئەنجامدراون، پیتە ( وەستاو)[1] consonant و (بزوێنەکان) vowel لێك جیا دەکەنەوە.واتا بە دوو ریز دەیانخەنە روو. ڕیزی وەستاوەکان و ڕیزی بزوێنەکان. سەرباری ئەمەش هەریەکە بە جۆرێ پیتەکان ریز دەکات.

جیاکردنەوەی وەستاو و بزوێنەکان تەنها لە شیکردنەوەی زمانەوانی و بواری فێرکاریدا دەگیرێتە بەر. بۆ رێزمان و فەرهەنگسازی و بە ستانداردکردن و بەکارهێنانی گشتی دەبێ هەموو وەستاو و بزوێنەکان تێك بچرژێنرێن و بکرێن بە یەك ریز و ریزکردنیان بە پێی پێوانەکانی ستانداردی جیهانی، وەك لە هەر زمانێکی تردا.

ئەوەی لە بارەی پیتەکانی نووسینی کوردیی (خواروو) تا ڕادەیێکی زۆر پێکهاتنێکی گشتیی لەسەرە و ئەکادیمیای کوردی پەسندی کردووە ئەوەیە کە ئەلفوبێی نووسینی کوردیی (خواروو) ٣٦ پیتی هەیە، (٢٩) ی وەستاو و (٧) ی بزوێن :

| | |
|---|---|
| وەستاوەکان | ئـ ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ک گ ل ڵ م ن هـ و ی |
| بزوێنەکان | ا - ـە - و - وو - ۆ - ی - ێ |

ئەم باسە هەوڵدانێکە بۆ تێکهەڵکێشانی پیتە وەستاو و بزوێنەکان و کردنیان بە یەک ریز.

بە لێکدانی هەردوو جۆر ( وەستاو و بزوێنەکان) پیتە هاوشێوەکان دەکەونە پاڵ یەک، لیستەکە بەم جۆرەی خوارەوەی لێدێ:

| | |
|---|---|
| ئـ | وەستاو |
| ا | بزوێن |
| ب | وەستاو |
| پ | وەستاو |
| ت | وەستاو |
| ج | وەستاو |
| چ | وەستاو |
| ح | وەستاو |
| خ | وەستاو |
| د | وەستاو |
| ر | وەستاو |
| ڕ | وەستاو |
| ز | وەستاو |
| ژ | وەستاو |
| س | وەستاو |

| | |
|---|---|
| ش | وەستاو |
| ع | وەستاو |
| غ | وەستاو |
| ف | وەستاو |
| ڤ | وەستاو |
| ق | وەستاو |
| ك | وەستاو |
| گ | وەستاو |
| ل | وەستاو |
| ڵ | وەستاو |
| م | وەستاو |
| ن | وەستاو |
| هـ | وەستاو |
| هـ | بزوێن |
| و | وەستاو |
| و | بزوێن |
| وو | بزوێن |
| ۆ | بزوێن |
| ی | وەستاو |
| ی | بزوێن |
| ێ | بزوێن |
| ٣٦ | |

ئەم لیستەیە هەموو وەستاو و بزوێنەکانی تێدایە. لەمانە (ئـ ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن ) وەستاوی تەواون، ( ا — وو — ۆ — ێ ) بزوێنی تەواون، ( هـ — و — ی ) وەستاو و بزوێنن (هاوشێوەن)..

**١ — پیتە (وەستاو)ە تەواوەکان (٢٦) ن:**

| | |
|---|---|
| ئـ | وەستاو |
| ب | وەستاو |
| پ | وەستاو |
| ت | وەستاو |
| ج | وەستاو |
| چ | وەستاو |
| ح | وەستاو |
| خ | وەستاو |
| د | وەستاو |
| ر | وەستاو |
| ڕ | وەستاو |
| ز | وەستاو |
| ژ | وەستاو |
| س | وەستاو |
| ش | وەستاو |
| ع | وەستاو |
| غ | وەستاو |

| | |
|---|---|
| ف | وەستاو |
| ڤ | وەستاو |
| ق | وەستاو |
| ك | وەستاو |
| گ | وەستاو |
| ل | وەستاو |
| ڵ | وەستاو |
| م | وەستاو |
| ن | وەستاو |
| **٢٦** | |

پیتە بزوێنە تەواوەكان (٤) ن:

| | |
|---|---|
| ا | بزوێنی تەواو |
| وو | بزوێنی تەواو |
| ۆ | بزوێنی تەواو |
| ێ | بزوێنی تەواو |
| **٤** | |

پیتە هاوشێوە بزوێن و وەستاوەكان (٣) ن:

| | |
|---|---|
| هـ | بزوێن و وەستاو |
| و | بزوێن و وەستاو |
| ی | بزوێن و وەستاو |
| **٣** | |

وەك دەردەكەوێ  ئەم سێ پیتە ( هـ ـ و ـ ی ) هاوشێوەن. بۆ لادان لە دووبارەكردنەوە لە هەر جووتە یەكێكیان لادەبرێ  . (٢٦)  وەستاوی تەواو و (٤) بزوێنی تەواو  و (٣) بزوێن و وەستاو ( ٢٦ + ٤ + (٣ + ٣) = ٣٦) دەكاتە (٣٦) . (٣) یان هاوشێوەن .   (٣) هاوشێوەكان لە هەریەكە یێكێكی لێ كەم دەكرێتەوە و دەبێ بە (٣٣)و ریزبوونەكە ئەم شێوەیە دەگرێتە خۆ:

( ئـ ا ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن هـ و وو ۆ ی ێ )

| | |
|---|---|
| ئـ | وەستاو |
| ا | بزوێن |
| ب | وەستاو |
| پ | وەستاو |
| ت | وەستاو |
| ج | وەستاو |
| چ | وەستاو |
| ح | وەستاو |
| خ | وەستاو |
| د | وەستاو |
| ر | وەستاو |
| ڕ | وەستاو |
| ز | وەستاو |
| ژ | وەستاو |
| س | وەستاو |

| | |
|---|---|
| ش | وەستاو |
| ع | وەستاو |
| غ | وەستاو |
| ف | وەستاو |
| ڤ | وەستاو |
| ق | وەستاو |
| ك | وەستاو |
| گ | وەستاو |
| ل | وەستاو |
| ڵ | وەستاو |
| م | وەستاو |
| ن | وەستاو |
| هـ | وەستاو |
| | بزوێن |
| و | وەستاو |
| | بزوێن |
| وو | بزوێن |
| ۆ | بزوێن |
| ی | وەستاو |
| | بزوێن |
| ێ | بزوێن |
| ٣٣ | |

له ئەنجامدا ریزبوونی پیتەکان ئەم شێوەیە دەگرێتە خۆ.

(ئـــا ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ک گ ل ڵ م ن هـ و وو ۆ ی ێ ) (٢)

ئەمە پێڕەوێکی ئابووری و لۆژیکییە بۆ ریزکردنی پیتەکان . سیمایەکی سیستەماتیکی بە رێزمانی کوردی و فەرهەنگسازی دەبەخشێ. لەگەڵ سروشتی ریزبوونی پیتەکانی جیهانیشدا دەگونجێ و لە هەموو زمانێکیشا بەم جۆرەیە.

## پیتەکانی ئەلفوبێی کوردی و جۆری نووسینیان و لاتینیی بەرامبەریان

| پیتەکان | جۆریان | وتنیان | دەرکەوتنیان | | | لاتینیی بەرامبەریان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | سەرەتا | ناوەڕاست | کۆتایی | |
| ئـ | وەستاو | ئـێ | ئـ | ـئـ | ـ | ـ |
| ا | بزوێن | ئا | ئا | ـا | ا ـ ـا | A a |
| ب | وەستاو | بێ | بـ | ـبـ | ب - ـب | B b |
| پ | وەستاو | پێ | پـ | ـپـ | پ - ـپ | P p |
| ت | وەستاو | تێ | تـ | ـتـ | ت - ـت | T t |
| ج | وەستاو | جێ | جـ | ـجـ | ج - ـج | C c |
| چ | وەستاو | چێ | چـ | ـچـ | چ - ـچ | Ç ç |
| ح | وەستاو | حێ | حـ | ـحـ | ح - ـح | Ḧ ḧ |
| خ | وەستاو | خێ | خـ | ـخـ | خ - ـخ | X x |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| D d | د - ـد | د - ـد | د | دێ | وەستاو | د |
| R r | ر - ـر | ر - ـر | ر | رێ | وەستاو | ر |
| Ŕ ŕ | ڕ - ـڕ | ڕ - ـڕ | ڕ | ڕێ | وەستاو | ڕ |
| Z z | ز - ـز | ز - ـز | ز | زێ | وەستاو | ز |
| J j | ژ - ـژ | ژ - ـژ | ژ | ژێ | وەستاو | ژ |
| S s | س - ـس | ـسـ | سـ | سێ | وەستاو | س |
| Ş ş | ش - ـش | ـشـ | شـ | شێ | وەستاو | ش |
| ' | ع - ـع | ـعـ | عـ | عێ | وەستاو | ع |
| Ẍ ẍ | غ - ـغ | ـغـ | غـ | غێ | وەستاو | غ |
| F f | ف - ـف | ـفـ | فـ | فێ | وەستاو | ف |
| V v | ڤ - ـڤ | ـڤـ | ڤـ | ڤێ | وەستاو | ڤ |
| Q q | ق - ـق | ـقـ | قـ | قێ | وەستاو | ق |
| K k | ك - ـك | ـكـ | كـ | كێ | وەستاو | ك |
| G g | گ - ـگ | ـگـ | گـ | گێ | وەستاو | گ |
| L l | ل - ـل | ـلـ | لـ | لێ | وەستاو | ل |
| Ĺ ĺ | ڵ - ـڵ | ڵ | ڵ | ڵێ | وەستاو | ڵ |
| M m | م - ـم | ـمـ | مـ | مێ | وەستاو | م |
| N n | ن - ـن | ـنـ | نـ | نێ | وەستاو | ن |
| H h | هـ | ـهـ | هـ | هێ | وەستاو | هـ |
| E e | ـە - ە | ـە - ە | ئە | | بزوێن | |
| W w | و - ـو | و | ئو | وێ | وەستاو | و |
| U u | | | | | بزوێن | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وو | بزوێن | ئوو | ئوو | وو | وو - ـوو | Û û |
| ۆ | بزوێن | ئ | ئۆ | ۆ | ۆ - ـۆ | O o |
| ی | وەستاو | یێ | یـ | ـیـ | ی - ـی | Y y |
| | بزوێن | | | | | Î î |
| ێ | بزوێن | ئێ | ئێـ | ـێـ | ێ - ـێ | Ê ê |
| ٣٣ | | | | | | |

# پەراوێزەکان

١ ـ زاراوەی بزوێن بۆ vowel تا ڕادەیێك چەسپیوە و پێکهاتنی گشتی لەبارەیەوە هەیە. بەرامبەر بە کۆنسونانت ئەم زاراوانە بەکار دەهێنرێن ( بێ دەنگ – کپ – کڕ – کونسونانت ...) بەلای منەوە بۆ کۆنسونانت ( وەستاو) بەکاربهێنرێ زیاتر لەگەڵ چەمکەکە دەگونجێ و بەرامبەر (بزوێن) ـە.

٢ ـ لە ئامادەکردنی (بیبلیۆگرافیای ئەکادیمی ) کە من سەرۆکی لیژنەکەی بووم ئەم ریزبوونەم بۆ ئەلفوبێی کوردی پێشنیاز کرد. لەوێدا پیتی ( هـ ) دوای (ۆ) هاتووە. سەیری سەرچاوەی ژ ٨ ل ٣ بکە.

# سەرچاوەکان

١ — ئـەورِەحمانی حـاجی مـارف (١٩٧٤) کورتـەیێکی مێـژووی نووسـینی کـوردی بـە ئەلفوبێی عەرەبی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. ب ٢ ژ ١. بەغداد.

٢ — تۆفیق وەهبی (١٩٢٥ ) کوردییەکەمان بـە چـۆن حرووفێـك بنووسـین. گ. دیـاریی کوردستان. ژ ٥ و ٦. بەغداد.

٣ — جەمال عەبدول و ئەوانی تر (١٩٨٥) فەرهەنگی قوتابی (ئینگلیزی — کوردی). چ. دار آفاق عربية. بغداد.

٤ — فاضل نظام الدين (١٩٩٠) ئەستێرە گەشە : فەرهەنگێکی کوردی — عەرەبییە. چ. الفنون. بەغداد.

٥ — گیوی موکریانی (١٩٦١) فەرهەنگی مەهاباد. چ. کوردستان. هەولێر.

٦ — نوری عەلی ئەمین (١٩٦٠) ڕێزمانی کوردی. چاپخانەی کامەران. سلێمانی.

٧ — وریا عومەر ئەمین (١٩٨٢) ئیملای کوردی و چەند تێبینییـەك. گ. کـۆڕی زانیـاریی عیراق. ژ ٩ .

٨ — ـــــــــــ (٢٠١١) گیروگرفتـەکانی نووسـینی کـوردی بـە لاتـینی. لـە کۆنفرانـسی زمانەوانیی وەزارەتی ڕۆشنبیریدا پێشکەش کرا.

٩ — وریا عومەر ئەمین و ئەوانی تر (٢٠١٠) بیبلیۆگرافیای ئەکادیمیی کوردی — بەشی یەکەم ـ زمان ـ بەرگی یەکەم. چ. سپیرێز. دهۆك.

## الملخص

# توحيد و ترتيب الا بجدية الكردية

يفصل النحويون الكرد الحروف الصامتة عن الـصائتة. ويقـدمون حـروف الابجديـة اللغـة الكردية كما يلي:

| | |
|---|---|
| الحروف الصامتة | ئـ ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن هـ و ى |
| الحروف الصائتة | ا - ـه - و - وو - ۆ - ى - ێ |

يفصل الصوامت والـصوائت في الدراسـات الـصوتية والكتـب التعليميـة، امـا في كتـب القواعد والنحو ولتنظيم المعاجم وفهارس الاعلام يجب ان يقدم حـروف الابجديـة بسلـسلة واحدة وحسب المعايير المتعارف عليها في مجال علم اللغة.

هذه الدراسة محاولة من اجل دمـج الحـروف الـصامتة والـصائتة وجمعهمـا في سلـسلة واحدة وترتيبها وفق المعايير العلمية. توصلت الدراسة الى هذا التنظيم والترتيـب. ( ئـ ا ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن هـ و وو ۆ ى ێ ).

# Abstract

## The Unification and reordering of the Kurdish Alphabet

Kurdish Grammar books, in presenting the Kurdish Alphabet, separate vowels from consonants.

Consonants and vowels are separated for the sake of linguistic analysis and pedagogical purposes. In grammar, dictionary making and index arranging the letters of an alphabet are merged and presented in one order.

This work is an attempt to merge all Kurdish consonants and vowels and order them according to the general linguistic principles.